# ئێکسسوارە کوردییەکان




جلوبەرگ و ئێکسسوارە کوردییەکان، هەردەم لەپێشەنگدان لەسەر ئاستی ئێکسسواری مۆدەکانی دیکە و بەرانبەر کەلوپەلەکانی دیکەدا، چونکە ئەوەی لەکەلتوور و جوانی ئێکسسواراتی کوردی دادەنرێ، دەبێتە یەکێکە لە مۆدەکان کە جێگەی متمانەی گشت خانمێکە بۆ ئەوەی هێمایەکی جوانکاری و مۆرکی کوردەواری پێوە دیار بێ، لەگرنگترین ئێکسسوارەکانی کوردی کە بریتییە لەملوانکەکانی مل، ئەویش زیاتر دەخرێتە سەر مل و لەژێر گەردنەوە تا دەگاتە سەر سینگ، کەچی ئێکسسوارەکانی جیهان تەنیا تەلێکی باریکە و ئەوەندە جوانییەی نییە، کە لەو ئێکسسوارەدا بەدی دەکرێ، ملوانکە کوردییەکان زیاتر لەزیوو دروست دەکرێن، بەشێکی کەمی لەزێڕ و ئەڵماسە، ئەمەش وەك مۆدەیەکی ڕازاوە و جوانی ڕەنگی زیوو تەنانەت لەگەڵ پێستی مرۆڤ بەجوانی و دیمەنێکی ڕازاوە دەردەکەوێ، لەم دوو ملوانکەیە ڕازاوەترین مۆدەکانی ملوانکەی کوردەواری دەبینین..

# قردێلە

## مۆدەیەکی ڕازاوەیە



ئێکسسوارەکان ڕۆڵی گونجاندن دەبینن کاتێك لەگەڵ جلەکان دەپۆشرێن، ئەمەش وادەکات ڕێژەیەك لەخانمان سوود لەو ئێکسسوارانەوە وەربگرن تاوەکو لەگەڵ جلەکانیان بەدی بکرێ و ببنە مایەی پێکەوە گونجاندن لەمۆدەکەدا، چەندین جۆرە ئێکسسوار هەن، هەریەکەیان بەپێ جوانی و گرنگی خۆیەوە کاریگەری خۆی دەخاتە سەر جوانی جەستەی خانمان، بەمەش دەکرێ سوود لەبچووکترین ئێکسسوارەکان وەربگرین کە مایەی جوانی و ڕازاوەیی دەبەخشێ، مەبەستمان لەڕازاوەیی کاتێك لەگەڵ هەر جلێك بپۆشرێ ڕازاوەتر دەبێ، لێرەدا باس لە ئێکسسواری (قردێلە–بروشات) دەکەین، تەنانەت گشت خانمان دەتوانن بیپۆشن و وەك مۆدەیەکی تایبەتیش بەکاری بهێنن، بۆ نموونە دەکرێ لەبۆنە تایبەتەکان بەکاری بهێنن و هەروەها لەکاتی دەوام و شوێنی تایبەتیش جوانی خۆی دەبەخشێ، هەروەها دەکرێ وەك ئێکسسوارێکی دەرەکی بەکاربهێنرێت لەسەر جەنتاکان و لەسەر ناوقەدیش دەکرێ لەسەر پشتێنەوە ببەسترێ، هەروەها دەکرێ وەك تەوقەیەکی سەریش بەکاربهێنرێ، ئەمەش دەبێتە یەکێك لەمۆدە جوانەکان کە جێگەی ڕازاوەیی بێت.

# دەستشۆرەکانی ماڵ وەک

دیکۆری ماڵ بەپێی کار و هەنگاوەکان جوانی خۆیان دەبەخشن و دیمەنێکی ڕازاوەشی دەبێ، لەگەڵ ئەو لایەنە گرنگانەی کە بۆ دیکۆری ماڵ تەرخان دەکرێ، پێویستی بەبیرۆکەی جوان و سادە هەیە، ئەمەش وادەکات بۆ دانانی ستایلە ڕازاوەکان کاتێك ئەگەر گرانبەها بێ یان هەرزان، گرنگ مۆدە و ستایلەکەیە و بەتایبەت کاتێك لەسەر خواستی کەسەکانی ئەو ماڵە دەوەستێ، بۆیە گرنگی هەڵبژاردنی کەرەستەکان جێگەی متمانە و جوانی و گرنگییە، لەم





# دوو جوانترین مۆدەی جەنتاکان

ئێکسسوارەکان بەجوانترین شێوە مۆدەی خۆیان دەردەخەن و لەگەڵ ئەوەشدا گرنگی و تایبەتمەندی خۆیان دەبەخشن، بۆ تازەترین مۆدەی ئێکسسوارەکان کە بریتییە لەجەنتای دەست، لەلایەن مارکەی دیۆرەوە کە یەکێکە لەبەناوبانگترین کۆمپانیاکان کە مۆدەی شایستە و جوان دەردەخەن، ئەو دوو جۆرە مۆدەیە لەجەنتاکان دەبنە بەشێوازێکی تازەی جەنتا بۆ مۆدەی وەرزی زستان، کە شێوازێکی جوان و ڕازاوە لەخۆ دەگرێ، ئەمەش وادەکات مۆدەیەکی بەنەخش و ناسك ببەخشێ و لەگەڵ گشت ستایلەکان ڕازاوە و گونجاو بێ.

# دیکۆرێکی جوان و خوازراو

ڕێگەیەدا هەنگاوەکان بەگوێرەی کەرەستە ناسکەکان دەبێتە ئامانجی دیکۆرێکی جوان، یەکێك لەگرنگترین بەشی کەرەستەکانی ماڵ، دەستشۆرەکانی ماڵە، کە دەبێ زیاتر لەدەستشۆرێك لەدیکۆری ماڵدا بەدی بکرێ، تەنانەت بوونی زیاتر لەدەستشۆرێك کارەکان ئاسان دەکات و لەوەش گرنگتر شوێنەکەیانە کە لەکوێ دادەنرێ و یان چ جۆرە ستایلێك بۆ ئەو دەستشۆرە جوانانە لەدیکۆری ماڵەکەدا هەڵدەبژێری.



# تۆقەکان شێوازێک لە جوانکاری بۆ قژ



گرنگیدان بەقژ و شێوازی بەستنی دەکەوێتە ئەستۆی خانمان کە چ جۆرە بەستنێك بۆ قژیان ئامادە دەکەن، یان کاری بۆ دەکەن، لەکاتێکدا هەرچەندە قژ بەمۆدەیەکی جوان تەسریحەی بۆ بکرێ یان ببڕێ، ئەگەر بەشێوازێکی جوان نەبەسترێ، ئەوە شێوازی جوانییەکەی لەدەست دەدات و دیمەنی جوانییەکەی دەرناخات، بۆیە لێرەدا ڕۆڵی تەوقەکان جێگەی جوانی قژ دەگرنەوە و کە هەم دیکۆرێکە بۆ جوانکاری قژ و هەروەها بۆ بەستنیش بەکاردەهێنرێ، مۆدەی تۆقەکانیش جیاوازیان هەیە لەگەڵ یەکتر بەجۆرێك هەر مۆدەیەك بەشێوازێکی ڕازاوە جوانی خۆی هەیە و دەبێتە یەکێك لەئێکسسوارەکان کە جێگەی دیمەنێکی بەنەخشی هەبێ، تۆقەکان دەکرێ لەشێوەی بچووك یان شێوە کلاسیکیە بازنەییەکەدا بن، ئەمەش وادەکات کە شێوازی کۆنی خۆی لەدەست نەدات و زیاتر بەو ستایلە دەربکەوێ، ئەمەش لەکاتێکدایە کە جوانترین دیمەنەکانی لێوە بەدی دەکرێ، بەتایبەت کاتێك ڕەنگەکانی هاوڕەنگی قژ یان جلەکە دەبێ.




# چایخانەی (شەعب)ی سلێمانی

**ڕەوەند بەختیار/ سلێمانی**

هەرکاتێك سەردانی شاری سلێمانی بکەیت و گوزەرێك بەناو سەنتەری ئەو شارەدا بکەیت ناتوانی چایخانەی شەعب نەبینیت و سەردانی نەکەی، چایخانەی شەعبی شاری سلێمانی دەکرێ بوترێ کۆنترین چایخانەی شاری سلێمانییەو ئەو شوێنە نەك تەنیا چایخانەیەك نییە، بەڵکو گەلێ جار وەك مەڵبەندێکی ڕۆشنبیری و هونەری سەیر دەکرێت و شوێنی گردبوونەوەی زۆربەی ڕۆشنبیر و ڕۆژنامەنووس و هونەرمەندانی ئەو شارە جوانەیە، ڕۆژانە هەر لەبەیانییەوە زۆربەی چینەکانی ئەو شارە کاتەکانیان بەخوێندنەوەو و شتگەلێکی تر لەو چایخانەیە بەسەر دەبەن، دیمەنی وێنە کەلتوری و هەڵواسراوە فەرهەنگیەکانی لەجوانترین دیمەنەکانی ناو ئەو چایخانەیەن کە هیچ لایەنێك فەرامۆش نەکراوە، ڕۆژانە چەندەها ڕۆشنبیر و پیاوانی ئەو شارە بەیادی جاران ڕووی تێدەکەن، مێژووی ئەو چایخانەیە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩٥٩).



# سەقز ئەو شارەی تەمەنی ٩٠٠ ساڵە

سەقز، یەکێك لە شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و لە باکووری ڕۆژئاوای شاری سنە بەدرێژایی ( ١٩٨) کیلۆمەتر، لەم شارە دوورە و شارەکانی بۆکان لە باکوورو بانە لە ڕۆژئاوا و ناوچەی تیلەکۆ لە باشوور و تیکاب و ناوچەی هەوشاریش لە ڕۆژهەڵاتی ئەم شارە هەڵکەوتوون. لە بواری مێژووی دێرینی ئەم شارە، زۆر لە شارەزایان ڕای خۆیان دەربڕیوە و زۆربەیان لەسەر ئەم خاڵە هاودەنگ بوون کە مێژووی دروست بوون و ئاوەدانکردنەوەی سەقز، بۆ هەزارەی حەوتەمی پێش زایین دەگەڕێتەوە.. ناوی سەقز لەناوی هۆزی سەکە، یان سەکا، یان سێکز، بەمانای بە خەڵات بۆ ئێمە ماوەتەوە و سەقز هەمان ساکزە. لە سەردەمی دەسەڵاتداری مادەکاندا، سەکاکان بە بەردەوامی هێرشیان دەکردە هەرێمی دەسەڵاتدارییان و شەڕیان پێدەفرۆشتن. بەشە کۆنەکەی شاری سەقز، لە سەر دوو تەپۆڵکەی گەورە، کە چۆمی سەرداپۆشراوی وەڵی خان بە ناوەڕاستیدا تێدەپەڕێت دامەزراوە. جوانی شاری سەقز لەهەوراز و نشێو و بەرزی و نزمییەکانی نێو شار و دیمەنە سەرنجڕاکێشەکانی چەمی گەورەی سەقز کە لە قەراخ شارەوە تێدەپەڕێت، سیمایەکی جوان و ڕازەوەی بەشاری سەقز بەخشیوە.



# کچێک بە(٣) دەستەوە!

(ڕەن شین) کچێکی یانزە ساڵەی چینیە کە ساڵانێکە دەستی سێیەمی لەگەڵیدا دەژیێ و لەکەمەری پشتی ڕوواوە، خەڵکێکی زۆر خوازیاری بینینی دەکەن، (ڕەن شین) فریشتەی خاوەن باڵ، مانەوەی لەژێر نەشتەرگەریەکی زۆر گەورەی تێکەڵی هەڵجران کە «ژیان یان مەرگ»ی کچەکە بوو ئەم کچە بەچوار قۆناغ نەشتەرگەری بۆ ئەنجامدرا و سەرکەوتنی تەواوی بەدەست هێنا .کە ئەوەش کارێکی ئاستەم بوو لەبەردەم پزیشکەکان تا توانیان ئەو کچە لەمردن ڕزگار بکەن و لەم ناخۆشییە دەربازی بکەن، چونکە نەیدەتوانی لەسەر پشت بخەوێ و هەردەم ئاگاداری ئەو دوو قاچەی لەپشتییەوە بێ و فەرامۆشی نەکات.







## بەرلسکۆنیش خۆی ئاشکرا کرد


کارە سەیرەکانی سەرەك وەزیرانی ئیتالْیا (سیلفیۆ بەرلسکۆنی) وایکردووە کە نیوەی خەڵکی ئەو وڵاتە ڕقی لێ هەڵبستێ و بەدڵی کەس ڕەفتار نەکات و هەردەم دنیای بۆخۆی ویستووە و لەگاڵتە و کارە سەیرەکانی بەردەوامە، ئەو سەرۆك وەزیرانە هەردەم لەدوای کچی جوان و ئافرەتی وڵاتەکەی و هەروەها پەیوەندی لەگەڵ چەندین خانمان و هونەرمەندان و گۆرانیبێژانی وڵاتانی دیکە هەبووە، بۆیە ئەویش لەکتێبێکدا باس لەژیانی خۆی دەکات و سەرەتای ئەو کارەی بۆ پێوەندی لەگەڵ خزمەتکارێکی ماڵی خۆیان بووە ئەویش لەتەمەنی (١٤)ساڵیەوە و لەو کاتەوە تووشی لادان بووە و تا ئێستاش خولیای دنیای ئافرەتە، ئەوەی جێگەی سەیرە چەندین جار لێدانی خواردووە لەلایەن خەڵکی وڵاتەکەی لەسەر کارە نابەجێیەکانی.



## ئەستووکە بەشەکر و یادی منداڵی!




جاران لەدوای نان کردن و تەواو بوونی نان، دایکمان دەستی دەکرد بەدروست کردنی ئەستوکی بەشەکر کە شەکری دەکرد بەسەر نانەکەو ئێمەش چاوەڕوانمان دەکرد تا دەبرژاو پاش تەواوبوونی هەریەکەو پارچەیەکمان بەردەکەوت، چەندە تام و بۆیەکی بەلەزەتی هەبوو، بەیادی جاران و ڕۆژانی منداڵی، کە شتێکی خۆش بوو و هەردەم لەلامان بەشیرینی دەردەکەوت و هەردەم چاوەڕوان بووین تا کاتی ئەستووکە بەشەکر دەهات و ئیتر هەر یەکە ئەستووکێکی بەدەستەوە و بەگەرمییەوە دەیخوارد، کە ئەویش لەشێوەی نانە، بەڵام شێوەی سێگۆشەیە و کاتێك هەویر دەهێنرێ و لەجیاتی بکرێ بەنان، هەندێك شەکر دەخرێتە ناوی و بەسێگۆشەیی پان دەکرێتەوەو ئیتر دەخرێتە سەر سێری نان کردن، بەم شێو ە یە دەبێتە ئەستووکە بەشەکر، ئەوەش زیاتر منداڵان حەزی پێدەکەن کە خواردنێکی خۆش و بەتامە بەجۆرێك زۆر لەنانەکە خۆشترە.







**کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**

تووڕەبوونی بەبێ هۆ چەند کێشەیەکت بۆ دروست دەکات، پێش ئەوەی بڕیار بدەیت بەچاکی بیری لێ بکەوە، یەکێك لەئەندامانی خێزانەکەت پێویستی بەیارمەتی تۆ هەیە، پشتگوێی مەخەو یارمەتی بدە.




**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

پێویستە هەوڵبدەیت کەبەرەو نەرم و نیانی و لێبوردەیی بچیت، گوێ بۆ پێشنیارەکان ڕابگرە، هەڵوێستت بەرزتر دەبێت، تا دڵی هاوڕێکانت نەشکێنی.



**دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠**

شتێك لە ژیانتدا ڕوودەدات کە ناچار دەبیت بیر لەبەرژەوەندیت بکەیتەوە، پێویستە بیرکردنەوەت فراوانتر بکەیت، ڕاو بۆچوونەکان ڕۆشنگەرییەکیان تێدا بێت .



**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**

کەسایەتیەکی یەکجار بەهێزت هەیەو بڕوات بەخۆتە، ئیشکەر و هەست بەلێپرساوی دەکەیت و زۆر بەتوانایت بۆ هێنانەدی ئاواتەکانت، بەڵام هەندێ جار دکتاتۆریت، دەبێت نەرم بیت لە مامەڵەکردندا.



**شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢**

ئەم چەند ڕۆژە خەریکی چارەسەرکردنی کێشەیەك دەبیت، هەوڵدە ئەو هاوڕێیەت بناسیت کە ماوەیەکە خەریکی پلان دارشتتنە بۆت، لەبواری خۆشەویستیتدا چەند ڕووداوێك ڕووبەڕووت دەبنەوە.



**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**

لەبواری ئیش و کارەکانتدا کەمێك سەرقاڵ دەبیت بۆیە دووردەکەویتەوە لەبواری کۆمەڵایەتی، هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکانت بدە، تا کێشەکانت زۆر نەبوونە.

## مانای شتەکان لەخەوندا

**گریان :** ئەگەر گریان ڕەش پۆشی و لەخۆدانی لەگەڵ بێت مانای خەم و خەفەتە، ئەگەر یەکێك لە ترسی خوا یان بەهۆی خوێندنی قورئانی پیرۆز یان بەهۆی پەشیمانی لەکردەوەیەکی ناڕەوا بگریەت ئەوە مانای خۆشی و شادییە و هەروەها مانای باران بارین و تەمەن درێژی و خوا پەرستنە.

**سەرچاوە : خەوننامە**

## یاری پیت دۆزینەوە

**لەم چەند پیتەی (ز) یەکێك لەو پیتانە، پیتێکی جیاوازە، بۆ ئاستی زیرەکیت و لە ماوەی تەنیا (١٠) چرکەدا بە ورد بوونەوەی چاو ئەو پیتە جیاوازە بدۆزەوە!**



## بۆ زاخـــاوی مێشك

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (بنار) بوو

بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیکارە بدۆزیتەوە..

ئەم چوارگۆشانە بە پیت پڕ بکەرەوە کە لە کۆتاییدا ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لە ماوەی (٥) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە :

**ئاسانکاری**

- پیتی خانەکانی (١+٢) کۆ بکەیتەوە بەمانای ( گیاندارێکی ترسناکە و خۆماڵیە و گاز دەهاوێژی- بەوەفایە)
- پیتی خانەکانی (٣+٤+٥) کۆ بکەیتەوە بەمانای (شوێنێکی گەورە لەماڵ بۆ دانیشتن)
- پیتی خانەکانی (٦+٧+٨) کۆبکەیتەوە بەمانای (ئەو کەسەی تاوانێك دەکات و دەگیرێ و چی پێدەڵێن)
- پیتی خانەکانی (١١+١٠+٨) کۆ بکەیتەوە بەمانای (خواردنێکی ڕۆژانەیە لەگەنم دروست دەکرێ)



## ئاسۆیی:

١- پەندێکی پێشینانە.
٢- ڕەفتار- ئایندە.
٣- جێناوی پرسیارە(پ)- مەڕ و ماڵات- دانا.
٤- وشەی دەرکردنی پشیلە- نیوەی وشەی یاسا- سەرۆکی ولایەت(پ).
٥- وشەی سەرسوڕمان- ناحییەکە لە دەڤەری سۆران(پ).
٦- ئامۆژگاری(پ)- زەردەخەنە(پ).
٧- زەرەر(پ)- ترسان.
٨- نیوەی وشەی رابە- خەڵك- فانوس(پ).
٩- مناڵی بوو(پ)- ناوی کوڕانە(پ).
١٠- مێینەی سەگ و گورگ- دڵخۆش(پ)- نیوەی بەرز.
١١-دوو پیتی جیاواز- وەکویەك- نمرە.
١٢- فەیلەسووفێکی یۆنانی بوو- گیانی لەدەستدا.

## ستوونی:

١- قوری- مانگێکی کوردییە(پ).
٢- خودا- ناوی کچانە.
٣- وەکویەك- نیوەی وشەی داری درۆ(پ).
٤- فەرمانڕەوایی چەند مەملەکەتێك(پ) شاعیرێکی کوردە- چڵە(پ).
٥- زیاتر(پ)- نار.
٦- پێی قادرمە(پ)- دژی شیرن(پ).
٧- ژمارەیە(پ)- گۆم.
٨- دوو پیتی جیاواز- دەسرۆکی گەورە.
٩- یاری- نیوەی وشەی ئازا- ژێر دان(پ).
١٠- ڕێگای ناسەرەکی(پ)- داوێنی شاخ- ئەستوو(پ).
١١-دەوڵەتێکی ئەوروپییە- پێشەوا.
١٢- وتە(پ)- منداڵ.

## یاری پیت ریزکردن

هەوڵبدە ئەو پیتانەی ناو بازنەکان ڕێکبخەی بۆ ئەوەی ناوی زنجیرەیەکی کۆنی کوردت بۆت دەربچێ.

ە ژ ڵ ا

وەڵامی ژمارەی پێشوو (حەمکۆ)



## نوکتە

یەکێك دەچێتەوە ماڵێ و بە ژنەکەی دەڵێ : ژنەکە مەجموعەیەک تیرۆرست دایکتیان ڕفاندووە و دەڵێن یان ١٠٠ دەفتەرمان دەوێت یان بە بەنزین دەیسووتێنین، مردم لە بەیانییەوە دەست لە خەڵک پان کەمەوە...
ژنەکەی دەڵێ: ئێێێێێێ، ئەی چەندت کۆ کردۆتەوە ؟
ئەویش دەڵێ: بەخوا نزیکەی ٥٠ لتر بەنزین!!

* * *

- یەکێك بە هاوڕێکەی دەڵێ: بەسەری هەردووکمان ژیان تامی نەماوە، دەمەوێ خۆم بکوژم.
هاوڕێکەشی دەڵێ: بەخوا خۆت بکوژیت، تاماوم قسەت لەگەڵ ناکەم.


## وێنەی جیاواز و خاڵی هاوبەش

بۆ زانینی ئاستی زیرەکی مێشك لەماوەی (٢) خولەکدا چەند خاڵێکی هاوبەش لە نێوان خاڵە جیاوازییەکاندا بدۆزەرەوە









**تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**

ڕۆمانسیەتی زیاد لەپێویست زیانت پێدەگەیەنێت، پێویستە ڕەوش و بارودۆخی کۆمەڵگەکەت بەجوانی بخوێنیتەوە، ئەگینا بەرەو هەڵدێر دەچیت.

**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**

بەگفتوگۆ زۆر کێشە چارەسەر دەبێت، ساتێکی خۆش لەگەڵ هەندێ لەهاوڕێ خۆشەویستەکانت بەسەر دەبەیت، ئاگاداربە لەم هەفتەیە ژیانی سۆزداریت گرفتێکی دێتە پێش.

**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

ئەمڕۆ باری ماددیت باش دەبێت، لەم ماوەیەدا چالاکیەکانت زیاد دەبن و پرۆژەکانت بەسەرکەوتوویی بەئەنجام دەگەن، ئاگاداربە زوو هەڵنەچیت و ئارامی خۆت بپارێزە.

**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**

چەند کێشەیەکی چاوەڕواننەکراو دێتە پێشت، لەچارەسەرکردنیان بێزاری دەرمەبڕە، ئەگینا تەنگژەکان زیاتر دەبن، ئەم ماوەیە کەمێك هەست بەبێزاری دەکەیت.

**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**

کاروبارەکان زیاتر لەبەردەمت ڕوون دەبێتەوە، کە لەم ماوەی دواییدا هەستت دەکرد کە شتەکان بەڕوونی نابینیت، هەوڵبدە ئەمڕۆ پرۆژەکانت بەوریایی دابڕێژیت.

**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**

سەبارەت بە دوارۆژت بەپەلە مەبە لە بڕیاردان دوایی پەشیمانی سوودی نابێت، بەزیرەکی خۆت دەتوانی چەند پرۆژەیەکی گرنگ بەئەنجام بگەیەنیت.